Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.7

# "ئەوی دیکە"ی زمانیی لە شیعری (نالی)دا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hazhar Ahmed Abdulghafur
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**نیهاد خضر دیوانە/** بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە- هەولێر
**هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :15 /07/2025
ACCEPTED :24/08/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ("ئەوی دیکە"ی زمانیی لە شیعری(نالی)دا)یە، هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە و دەرخستنی ڕەهەندێکی نوێ لەشیعری نالی و لەوێشەوە شیعری کلاسیکی کوردی، کە زۆرجار تانەی بێلایەنی، لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، لێدەدرێ. ئەم توێژینەوەیە بە دوای ئەوەوەیە، کە ڕوونیبکاتەوە شیعری نالی بەچ شێوەیەک ئەو بابەتەی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە و لەڕووی زمانەوە چی بە بەرامبەری خۆی دەزانێ و بە چ شێوەیەک دەیەوێ بەو ئامانجە بگات، تا بەرامبەرەکانی خۆی یان (ئەوی دیکە)کانی خۆی بناسێنێ. کە ئەمەش لە خودی خۆیدا بە سەرنجدان لە مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، ناوەرۆکێکی سیاسییە.

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە. سەرەتا لەڕووی تیۆرییەوە، بە پشتبەستن بە ڕوانگە و بۆچوونە تیۆرییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم، کە تیۆرێکی گونجاوە بۆ شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ژێردەستەیی نەتەوە داگیرکراوەکان و پەیوەندییان لەگەڵ سەردەست و داگیرکارەکانیان، هەوڵدراوە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دابڕێژرێ. هەر لە بەشی تیۆریدا هەوڵدراوە چەمکی ئەوی دیکە لە خوێندنەوە پۆستکۆلۆنیالەکاندا، ڕوونبکرێتەوە. دواتر لە شیعرەکانی نالی دا، ئەوی دیکەی زمانی دەستنیشانبکرێت و گرنگترین زمانەکان بخرێنەڕوو.

لە ئەنجامیشدا گەیشتووین بەوەی، کە شیعری نالی بێلایەن نییە، بەڵکو کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە زمانی کوردی، لەبەرامبەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی دابنێ و بەمجۆرە ئەوی دیکەی زمانی خۆی دەستنیشان بکات.

**وشە سەرەکییەکان:**
پۆست کۆڵۆنیالیزم،
ئەوی دیکە،
شیعری کلاسیکی کوردی،
نالی

.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

مێژوو واتە ململانێ؛ واتە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکان؛ ئەگەر ئەو ململانێیە نەبێت، مرۆڤایەتی لە شوینی خۆیدا ڕادەوەستێت و دواجار گۆڕانکارییەک نایەتە کایەوە، کە شیاوی لێدوان و وەبیرهێنانەوە و رامان بێت. لەم ڕێڕەوەدا، جۆری دەرکەوتنی ئەم هێزانە و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە، قەڵەمڕەوی دەسەڵات و هەژموونیان لەسەر یەکتری و لە بەرامبەر یەکتریدا، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ناو رامانی مرۆیی، ئیتر هەر لە فەلسەفەوە بگرە تا ئەخلاق، جوانیناسی، سیاسەت، ئەدەبیات و ....هتد. مرۆڤ چ بۆ کردنەوەی دەلاقەی نوێ بۆ پەرەپێدانی هەژموونی خۆی بێ، یان وەکو کایەیەکی بەرەنگاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی زوڵم یان داگیری دەکەن، پەنا دەباتەبەر ئەو کایانە و لە ڕێگەیانەوە دەیەوێ، کڵاوڕۆژنەیەک بۆ گەیشتن بەوەی کە دەیەوێ، بکاتەوە. ئەدەبیات یەکێکە لەو بوارانەی، کە لە مێژوودا زۆر پەنای بۆ براوە و لە هەردوو ئاستەکەدا شوێنی دیاری هەیە.

نەتەوەی کورد وەک گەلێکی خاک داگیرکراو، ڕەنگە یەکێک بێ لەو کەیسە بەرچاوانەی، کە ئێمە دەتوانین زۆر بە ڕوونی رەوتی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دژبەرەکان لە مێژوویدا ببینین. ئەم رەوتی ململانێیە، لە سەردەمانێکی دوورەوە دەستپێکردووە و تا هەنووکەش نموونەکانی دەبینین. لەم ڕێڕەوە مێژووییەدا، کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەست وێناکراوە. ئەوەی کە داگیرکەران چییان کردووە و چۆن هەوڵیان داوە هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن، شتێکی کەم و زۆر دیارە و ئێمە هەستپێیدەکەین؛ ئەوەی لەم نێوەدا گرنگە جۆری هەڵسوکەوتی کوردە، کە بە سەرنجدان لەو دەسەڵات و هێزەی هەیبووە، بە چ شێوەیەک هەوڵیداوە بەرەنگاری بکات و تا چەندە توانیویەتی لە بەرامبەر هێز و دەسەڵاتی ئەواندا خۆی نیشان بدات. خاڵێکی جێگەی سەرنج لێرەدا ئەوەیە، کە بە پێودانگی هەر سەردەمێک و بە سەرنجدان لەوەی کە هێزی کورد لە بەرامبەر سەردەستەکانیدا، نابەرامبەر بووە، بۆیە جۆری ئەو بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەیە بە یەک شێوە و هەندێکجاریش ئاشکرا نەبووە. واتە بە دەربڕینێکی تر، روخساری خۆی گۆڕیوە. بۆیە هەندێکجار لەوانەیە ئێمە جۆرێک هەستمان بە بێلایەنی و دوورەپەرێزی کایەکانی بەرەنگاری و بەتایبەت ئەدەبیات کردبێ؛

لەمڕوانگەیەوە، بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ("ئەوی دیکەی" زمانیی لە شیعرەکانی (نالی) دا) ئەنجامبدەین، کە تیشک دەخاتەسەر ئەوەی، ئایا شیعری نالی(کە دەتوانێ نموونەیەکیش بێت بۆ شیعری کلاسیک) چۆن توانیویەتی وەکو بەستێنێکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوی تر، کە داگیرکەرانی کوردستانن، خۆی نیشان بدات و ئەو سنووربەندییە بکێشێت.

### گرنگی تویژینەوە:

وەک باسمان کرد، هەندێکجار بەهۆی هەلومەرج و دەسەڵاتی کورد، کە بەرتەسک بووە، بەوشێوەی کە پێویست بووە خۆ زەقکردنەوە لە بەرامبەر ئەوانی تر، ئاشکرا و ڕژد نەبووە؛ ئەمەش ئەو لێکدانەوەیەی هێناوەتە کایەوە، کە کایە جیاوازەکان(لێرەدا ئەدەبیات) بێلایەن بوون. یەکێک لەو بوارانەش لە مێژووی ئەدەبی کوردی کەم و زۆر پرسیاری لەسەرە و وەکو ئەدەبیاتێکی کەمتر سیاسی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ، ئەدەبیاتی کلاسیکە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار لەسەر ئەوە دەکرێ، کە چۆن شیعری نالی (دەتوانێ نموونەیەک بێ بۆ شیعری کلاسیکی کوردی) توانیویەتی بە دەستنیشانکردنی ئەوی دیکەی زمانی، ئاراستەگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بخاتەڕوو. هاوکات لەو بارەشەوە گرنگە، کە ئێمە بە هێنانە کایەی ڕوانگەی تیۆری نوێ، دەتوانین خوێندنەوەی نوێ بۆ سامانی کولتووری خۆمان بکەین و ئەنجامگیرییەکی دیکەیان لێوە بەرهەمبێنین.

### گریمانە و پرسیاری توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە ئەوەیە، کە نالی لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەوی دیکەی زمانیی و هاوئاستکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تر، کە لێرەدا زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبیین، شاعیرێکی بێلایەن نییە و، بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووی دەسەڵاتی داگیرکەر بووەتەوە؛ بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش بزانین لەو سەردەمەدا ئەو زمانانە و نووسین پێیان، نێزیک بە تەواوی کایەی ڕۆشنبیری، کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی

کوردستانیشیان گرتووەتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیەش، هەوڵمانداوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

١ـ گرنگترین ئەو زمانانە کامانەن کە نالی وەکو بەرامبەر یان ئەوی دیکەی زمانی کوردی دەستنیشانی کردوون و ناوی بردوون؟

٢ـ نالی لە چ ڕێگەیەکەوە ویستوویەتی بەرامبەریەکی هەریەک لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە دەستنیشان بکات؟

٣ـ تا چەندە زمانی کوردی لەبەرامبەر زمانەکانی تردا هاوئاست یان بەرزتر نیشاندراوە.

**مێتۆدۆلۆژی و سنووری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە. سەرەتا لەڕووی تیۆرییەوە، بە پشتبەستن بە ڕوانگە و بۆچوونە تیۆرییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم، کە تیۆرێکی گونجاوە بۆ شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ژێردەستەیی نەتەوە داگیرکراوەکان و پەیوەندییان لەگەڵ سەردەست و داگیرکارەکانیان، هەوڵدراوە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دابڕێژرێ. هەر لە بەشی تیۆریدا هەوڵدراوە چەمکی ئەوی دیکە لە خوێندنەوە پۆستکۆلۆنیالەکاندا، بخرێتەڕوو و ڕوونبکرێتەوە. دواتر بە تیشک خستنەسەر شیعرەکانی نالی هەوڵدراوە ئەوە بسەلمێندرێ، کە شیعری نالی چۆن ئەوی دیکەی زمانی دەستنیشانکردووە و گرنگترین ئەو زمانانە کامانەن.

سنووری توێژینەوەکەشمان، کۆی شیعرە کوردییەکانی نالین، کە لە دیوانی نالیدا هاتوون.

## 1-پۆست کۆلۆنیالیزم چییە؟

پۆست کۆلۆنیالیزم پەیوەست و ئاوێتەی کاریگەرییە فەرهەنگییەکانی کۆلۆنیالیزم و داگیرکارییە، ئەگەرچی لە نووسین و تێگەیشتنی سەرەتاییدا، بەمانای ئەوە دەکەوێتە بەرچاو، کە دوای کۆتایی هاتنی کۆلۆنیالیزمە، بەڵام پۆستکۆلۆنیالیزم لە ڕاستیدا، دیدێکی ڕەخنەییە بۆ تێگەیشتن لەو کاریگەرییە بەردەوامانەی کۆلۆنیالیزم لە جەستە و ڕۆحی گەلانی داگیرکراودا جێی هێشتوون، سەرنج دەخاتە سەر هەلومەرجی ئەو نەتەوە و گەل و کولتوورانەی، هێشتا لەژێر چەپۆکی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریدان؛ یان بە دەربڕینێکی تر، دەیەوێ هەلومەرجی کولتووری و پێوەندییەکانی دەسەڵات لەنێوان سەردەستە و ژێردەستە، چ لە کاتی داگیرکاری و چ لە کاتی دوای داگیرکاریدا، شیبکاتەوە.

تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم یەکێکە لە تیۆرییە فرەڕەهەندەکانی پاش مۆدێرنە و پاش بونیادگەری، کە ڕەهەندی سیاسی، کولتووری و مێژوویی هەیە؛ پەیوەندی بەو گەل، نەتەوە و کەلتوورانەوە هەیە، کە لەژێر چەپۆکی داگیرکارین یان تازەگی ڕزگاریان بووە. تیۆرییەکە پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو لەڕووی کەلتوور، زمان، ئەدەب و مێژووی ئەو نەتەوە و وڵاتانە دەخاتە بەر سەرنج، کە سەردەمانێک داگیرکراو یان ئێستاش لە داوی داگیرکاری ڕزگاریان نەبووە.

ئەگەر بمانەوێت پێناسەی پۆست کۆلۆنیالیزم بکەین، ڕەنگە هەروا ئاسان نەبێت پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بکەین، چونکە "سروشتی پۆستکۆلۆنیالیزم بەدیوێکدا گوزارشت لەبەریەککەوتنی مێژوویی دوورو درێژی نێوان هەردوو شارستانیەتی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەکات و سروشتی توێژینەوەو دەرنجامەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم و جیاوازی دەرکەوتە کەلتووری و ئایدۆلۆجی و ڕۆشەنبیرییەکانی ئەو کەس و لایەنانەی هەوڵی پێناسەکردنی پۆستکۆلۆنیالیزمیان داوە؛ هەموو ئەمانەش وایان کردووە پێناسەکان بەپێی شوێن و کات و کەسەکان بگۆڕێن. ئەمە وێڕای ئەوەی، کە پۆستکۆلۆنیالیزم خۆی کایەیەکی سیاسی و مەعریفییە و لە گۆڕان و گەشەی بەردەوامدایە، بۆیە ئەوەندی تر گەیشتن بە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم چەمکەی دژوارتر کردووە"(عزیز، 2016: 177). لەبەرئەوەی پۆست کۆلۆنیالیزم سەرنجی زۆر ڕەهەندی جیاواز دەدات و ئاڕاستە جیاوازەکانی کاریگەری نێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات یان سەردەست و ژێردەست دەخاتەبەر تیشکی ڕەخنە و لێکدانەوە، بۆیە زۆرتر وەکوو تیۆرییەکی نێوان بواری(interdisciplinary) دەکەوێتە بەرچاو و هەر ئەمەش وای کردووە پێناسەکردنی ئاڵۆزتر بێت، چونکە ڕەگئاژۆی چەندین کایەی مەعریفییە.

باسکردن و ناساندنی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕواڵەتدا ئاماژەیە بۆ ماوەی دوای سەربەخۆیی؛ "زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزم بەگوێرەی بەکارهێنانی لەلایەن مێژوونووسانیەوە، دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە بەستێنی هاوشێوەی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیاڵ بەکارهاتووە، کە مانایەکی کرۆنۆلۆژی (مێژووبەند)ی ڕوونی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ماوەی پاش سەربەخۆیی،

بەهەمەحاڵ ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەکۆتایی (1970)کانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کاریگەرییە هەمەچەشنەکانی داگیرکاری بەکاریان هێناوە"(Ashcroft, Griffiths and Tiffin, 2007:16). بەڵام لە ڕاستیدا پۆست کۆلۆنیالیزم لە کرۆکدا زۆر لەوە قووڵترە و سەرەنج دەخاتە سەر کاریگەریی میراتی کۆلۆنیالیزم، کە تا ئێستاش هەژموونی بەسەر کۆمەڵگە، کەلتوور و شوناسی کۆنە داگیرکراوان هەیە و "لە بارودۆخێک دەکۆڵێتەوە، کە لە هەناوی پرۆسەی داگیرکاریدا دێتەکایەوە. بەو واتایەی، ئەو هەڵومەرج و بارودۆخەی، لە ئەنجامی پرۆسەی داگیرکاری و کارلێکی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو و ئاڵوگۆڕی کولتووری و بەگژداچوونەوەی گوتاری داگیرکاری و...تاد دروست دەبێت، پێدەگوترێت پۆست کۆلۆنیالیزم. تیۆرێکیش کە لەم بارودۆخە دەکۆڵێتەوە پێی دەگوترێت تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم"(نادر، 2022: 5).

ئێمە لێرەدا پۆست کۆلۆنیالیزم وەکوو تیۆرێک وەردەگرین، نەک وەک پۆلێنبەندییەکی مێژوویی؛ ئەم تیۆرە چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە و سەرنجی پنتە جیاوازەکانی ململانێی پێوەندی نێوان هێز و کولتوورەکان و ....هتد دەدات.

بۆیە وەک چوارچێوەیەکی شیکاری، دۆخی مرۆیی و دەروونیی کۆمەڵگە ژێردەستەکان و مەترسی سەر ناسنامە و شوناسی گەلانی داگیرکراو دوای داگیرکاری شیدەکاتەوە، لە "بێهیوایی گەلانی کۆلۆنیکراو و پێکدادانە کولتوورییە کەسی و ڕاستەوخۆکانیانەوە لەگەڵ کولتووری داگیرکەر و ترس و هیوا و خەونەکانیان سەبارەت بە داهاتوو"(کۆمەڵێک نووسەر، 2023: 140). ئەم تیۆرییە تەنیا شیکارییەکی سادە نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی قووڵە بۆ ئەزموونی مرۆیی لە بارودۆخێکی دیرۆکی تایبەتدا، کە مرۆی ژێردەست لە نێوان ڕابردوویەکی پڕ چەرمەسەری و دۆخی ئێستایدا لەگەڵ داهاتوویەکی نادیار گیری خواردووە. هەروەها پۆست کۆلۆنیالیزم کۆمەڵێک پرسی دووانەیی دەوروژێنێت، لەجۆری دەرکەوتنی پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، پەیوەندیی نێوان من (خود) و ئەویدیکە، پەیوەندیی ناوەند و پەراوێز، پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، دەخاتە بەر تیشکی ڕەخنە. ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشکی دەخەینەسەر، چەمکی "ئەوی دیکە"یە.

### ئەوی دیکە (الاخر-Other)(١):

وەک ئاماژەمان پێدا، لە ڕەوتی داگیرکاریدا، دوو جەمسەری سەرەکی درووستدەبن. ئەم دوو جەمسەرە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ لەنێوانیاندا هەیە. ئەم پەیوەندییە ناهاوسەنگە، دەبێتە بناغەی پێناسەکردنی دوو جەمسەرەکە بە ئەوی دیکەی یەکتری. دیارە لە ڕەوتی داگیرکاریدا، ئەوە هێزی باڵادەستە، کە هەوڵدەدات لە داگیرکراوەکەی ئەوی دیکەیەک بخوڵقێنێ، کە درووستکراوی زەین و خواستەکانی خۆی بێت.(دیارە ئێمە لێرەدا باس لە سەردەمێکی گەشەسەندنی وشیاریی دەکەین، کە باوەڕمان وایە هەموو سیستەمێکی گوتاری دەتوانێ پێناسەی بۆ ئەوی دیکەی خۆی هەبێ. بۆ ئەمەش سەرنج دەخەینە سەر شیعرەکانی نالی کە چۆن توانیویەتی ئەو ئەوی دیکە، پێناسە بکات و سنوورەکانی بکێشێت)

ئەویدیکە وەک چەمکێکی سەرەکی تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم، چەقی شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیراوە، کە بە گوتارێکی سیستەماتیک ناسنامەی خۆی وەک ناوەندێکی پێشکەوتوو و عەقڵانی دادەڕێژێت و ناسنامەی ئەویدیکە(داگیرکراو) وەک دواکەوتوو و ناعەقڵانی وێنا دەکات، لەڕێی ئەم دووانە دژیەکە، کە تەنیا جیاوازییەکی کەلتووری نییە، بەڵکوو پاساودان و میکانزمێکە بۆ داسەپاندنی هەژموون و داگیرکاری، ئەویدیکە بنیات دەنێت.

بابەتی ئەویدیکە نوێ نییە، ڕیشەی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ناسین و خۆجیاکردنەوەی نێوان من/خود و ئەویدیکە و پێناسین بەخشین بە یەکتری؛ پرسی ئەویدیکە پەیوەستە بە دروستبوونی شوناسەوە، چونکی شوناس لەسەر بنەمای جیاوازی لەگەڵ شوناسەکانی دیکە پێکدێت و پێناسە بەیەکتری دەدەن، جا چ شوناسی تاک یان شوناسی کۆمەڵ بێ؛ ئەویدیکە ئەوەیە دەکەوێتە دەرەوەی خود یان ئێمە "من و ئەویتر دوو چەمکی گرنگی ناو مێژووی هزرینن، وەک دوو شوناسی تەواوکەر، یان سەربەخۆ لە پەیوەندیی جیاواز، بەریەککەوتن و ململانێ و گفتوگۆدان. (من) و (ئەویتر) تا نەوکەوینە بەر نیگای یەکتر جیاوازیمان دەرناکەوێت و شوناسێکی ناتەواومان دەبێت"(عوسمان، 2024: 181).

بەمجۆرە، دەرکەوتنی ئەویدیکە زیاتر هەڵگری ڕەهەندی ناسین و جیاکردنەوەیە، بەو واتایەی کاتێک دەڵێین ئەویدیکە، مەبەستمان لە کەس یان کۆمەڵگە یان نەتەوە و نەژادێکی جیا لە من یا خودە. دەرکەوتنی ئەویدیکە و خۆجیاکردنەوەی من لەگەڵ ئەویدیکە ڕەنگە لە هۆکارێک زیاتری هەبێت، کە "هەندێ کەس هۆکەی دەگەڕێننەوە بۆ جیاوازی کەلتووری،

زمان، ئایین، شارستانییەت، هەلومەرجی فراواژتن و پەرەستاندن و هەروەها جیاوازی رەگەزی، ئەتنیکی، نەتەوەیی، چینایەتی، ئایدۆلۆجی و زایەند(سێکس)"(شەبانی ،2010 :31).

ئەگەرچی وەک خستمانەڕوو، چوارچێوەی واتایی"ئەوی دیکە" پێشینەیەکی کۆنی مێژوویی هەیە، بەڵام کاتێک کە دەگەین بە پۆس تکۆلۆنیالیزم، ئیتر ئێمە باس لە ئاستێکی گەشەسەندووی تیۆری لە پێناسەکردنی ئەو چەمکە دەکەینەوە، کە چوارچێوەی رەفتاری و هزری زۆرێک لە نەتەوەکانی لەسەردەمی داگیرکاری و ئیمپریالیزمدا، رەنگرێژکردووە.

لەم روانگەیەوە، تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم بۆ تێگەیشتن لە کارلێکی نێوانیان، جەخت لە پەیوەندیی نێوان من و ئەویدیکە دەکات، کە ئایا ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکەی نێوانیان لەسەر بنەمای دوژمنکارانە و سڕینەوە و پەراوێزخستن و ململانێیە، یا پەیوەندییەکی دۆستانەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و یەکترتەواوکردنە.

لە تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزمدا "فرانز فانۆن یەکەمین بیرمەند بوو کە پرسی ئەوی دیکەی لە پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا خستەڕوو"(فهیمی، 1398: 54). ئەمەش لە ژێر کاریگەریی دانپێدانانی دیالێکتیکی (ئاغا و نۆکەر)ی (هێگڵ)(٢). دووانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا مێژوویکی دێرینیان هەیە، بەڵام کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)ی (ئیدوارد سەعید) سەرچاوەیەکی گرنگی گەشەی ئەم چەمکانەیە و واتای نوێی پێ بەخشین؛ سەعید هەر لە سەرەتای کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی بناغەی بیرۆکەی ئەویدیکە دادەنێت "ڕۆژهەڵات هەر تەنیا هاوسێی نزیکی ئۆروپا نییە، بەڵکوو ئەو شوێنەیە کە ئۆروپا بەرینترین و دەوڵەمەندترین و کۆنترین کۆلۆنییەکانی خۆی لێ دامەزراندووە، سەرچاوەی شارستانی و زمانەکانییەتی، ڕکابەری کولتووری خۆیەتی، ڕۆژهەڵات وێنایەکی ئەوی تر پێشکەش دەکات"(سەعید، 2023: 56). سەعید پەیوەندییەکە تەنها لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا نابینێت، بەڵکوو بابەتەکە قووڵتر و ئاڵۆزترە، کە ڕۆژهەڵات وەکوو شتێکی ناچالاک(پاسیڤ) سەیر بکرێت، بەڵکوو وەکوو ئەویدیکەیەکی کە بە ڕکابەری ئەوروپا دایدەنێت، ڕۆژهەڵات ئاوێنەیەکە ڕۆژئاوا خۆی تێدا دەبینێتەوە. تەنانەت بە یەکێک لە ئاخێزگەکانی شارستانیەتی ئەورووپیشی دەزانێت.

بەمجۆرە، خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزم و "لێکۆڵینەوەکەی ئیدوارد سەعید بۆ ڕۆژهەڵاتناسی، لە بنەڕەتدا رەخنەگرتنە لە عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتناسانە و، ئەوەی لێ هەڵێنجا، کە من(داگیرکەر) مانەوەی بەندە بە بەرهەمهێنان و دروستکردنی ئەویدیکە، ئاریشەی بۆ دروست دەکات تاکوو درێژە بەمانەوەی خۆی بدات، سەردەست ژێردەستە بۆ خۆی دروست دەکات بۆئەوەی خۆی تێدا ببینێتەوە"(الحمادي، 2021: 100). بە تایبەتی کاتێک ئەوروپا و ڕۆژئاوا کولتوور و جوگرافیایەکی جیاوازیان بونیادنا و ناویان لێنا ڕۆژهەڵات، بنەمای ڕۆژهەڵاتناسییش "بە دیوێکدا خوێندنەوەی (من)ی باڵاتری ڕۆژئاواییە بۆ (ئەوی تر)ی نزمتری رۆژهەڵاتی"(ئەحمەد، 2021: 102). کە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەم ئەویدیکە بۆ ڕۆژهەڵات دەخوڵقێنێت لە پێناوی باڵادەستبوونی خۆی، کە "ڕۆژاوا هەمووکات وەک (ناوەند) جووڵاوەتەوە و ڕۆژهەڵات (ئەوی تر)ێکی پەراوێزکەوتووە"( بێرتێنز، 2015: 350).

ئەوی دیکە لە تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم "وەسا دیارە ئەوەێ دی یێ کولونیال پەیوەندی یا ب جهیڤە هەی، چونکی خالا هەڤرک دناڤبەرا واندا داگیرکرن و زالگەهکرنە ل سەر وەلات و ئاخا مللەتەکی و سەپاندنا کەلتۆر و نەریتێن خوە"(سعید، 2018: 255). لە تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم سەرچاوەی دەرکەوتنی ململانێی نێوان من و ئەویدیکە لە تەماعی باڵادەستبوون و خاکداگیرکردنە، کە خاڵی بەریەککەوتنی داگیرکەر و داگیرکراوە لەپێناو داگیرکردن و بەرگریکردنە لێی، بۆیە هەمیشە داگیرکەر و داگیرکراو یەکێکیان پێویستی بە بوونی ئەویدیکە و خاکەکەیەتی. "ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تەنیا لە جوگرافیادا دراوسێ نین، بەڵکو لە خەیاڵیشدا دراوسێن و بەردەوام لەو دوو دڵییەن، کە ئایا ئامادەن و دەتوانن کێبڕکێی بەرانبەرەکەیان بکەن، کە هەوڵی ناسینی ئەوی تریش بەردەوام بەشێکی دانەبڕاوی ئەم کێبەرکێیەی پێکهێناوە و بەردەوامیش گوزارشتی لە دۆخی بەهێزی و بێهێزی کردووە"(ئەحمەد، 2021: 96). پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جگە لە جوگرافیا، هزری و تێڕوانینیشە، کە ئاماژەدانە بۆ ڕکابەریی و نادڵنیایی لە توانای خود و ئەویدیکە، تێگەیشتن لە بەرانبەرەکەی وەک بەشێک لە ستراتیژی کێبڕکێ، هەموو ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نیشان دەدات.

دژوەستانەوەی من و ئەویدیکە لە بەرانبەر یەکتری دەرکەوتنی جیاوازیی نێوانیانە؛ خودئاگایی مرۆڤ هەست بە

پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ و نایەکسان دەکات لەبەرانبەر ئەویدیکە، ڕەگەزێک دەبێتە سەردار، کە ئەویدیکەیە و ڕەگەزەکەی دیکەش دەبێتە ژێردەست، کە منی داگیرکراوە، (ئیمێ سیزار) پێی وایە "کۆلۆنیالیزم تەنها خودە کۆلۆنیکراوەکە ئیستغلال ناکا، بەڵکو لە نرخی دادەبەزێنێت و لە مرۆڤایەتیەکەی ڕووتی دەکاتەوە"(لومبا، 2018: 42). ئەمەش لە تیۆرییەکانی کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالی هەمیشە مرۆی ئەوروپیی و داگیرکەرە، کە هەوڵ بۆ نزمکردن، پاکتاو و لەناوبردنی ئەویدیکەی خۆی دەدات لە ڕێگەی "ئایدۆلۆژیای دروستکردنی (ئەویدیکەی ناشارستان و بەربەر)یش ڕۆڵێکی بنچینەیی لە جینۆسایددا هەیە. بەو مانایە (ئەویدیکەیەکی بەڕەگەزیکراوی نزمکراو) هەیە کە سپیپێست هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت بیکوژێت، چونکە ئێستا چۆن خاوەندارێتی زەوی و سروشت و ئاژەڵان دەکات، بەهەمان شێوە وەک ئۆبژێکت و بابەتێکیش لە ئەویدیکە دەڕوانێت"(محەمەد، 2024: 185). لێرەدا ئەوی دیکەی داگیرکەر نەک ئاستی منی داگیرکراو دێنێتەخوار، بەڵکوو "لەڕێگەی گوتارەکانی وەک (مرۆڤخۆر cannibalism) و (بەربەرییەت primitivism) وەک هۆیەک بۆ چەسپاندنی جیاکاریی دووانەیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو"( Ashcroft, Griffiths and Tiffin, 2007:154). دەدات، ئەم نیشاندانی ئەویدیکە لەلایەن داگیرکەرەوە وەکو سەیر (ئیگزۆتیک)، نامۆ و بەکەم سەیرکراوە، هەوڵ بۆ شەرعیەتدان بە کارەکانی دەدات لە هەمبەر ئەویدیکە، چونکە "مادام ئەویدیکە وەحشە، بەربەرە، ئاژەڵێکی دڕندەیە، کەواتە ڕاوکردنی بۆ خۆشییەکانی مرۆڤی سپیپێست (پیاوی سپیپێست) شتێکی ئاسایی و ڕەوایە. هەروەها دروستکردنی (ترس لە ئەویدیکە)ی بەربەر و ناشارستان، هۆکارێکە هەم بۆ (بەشارستانییکردنی ئەویدیکەی دڕندە) و هەمیش لە حاڵەتەکانی دۆخی نائاسییدا کوشتنی"(محەمەد، 2024: 185). چونکە "ئەم هەمەجییانە دەگونجێ لە دژی ئەوروپییەکان هەڵبگەڕێنەوە و لووشیان بدەن"(لومبا، 2018: 96). ئەم لە قاڵبدان و گوتارانەی ڕۆژئاواییەکان دەرحەق بە ئەوانیدیکەی نارۆژئاوایی لە سەرەتای دۆزینەوە نوێیەکان وایکرد، دانیشتووانی خۆجێی و داگیرکراو ڕووبەڕووی هەموو جۆرە توندوتیژییەک ببنەوە.

تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم تەنیا باسی چەمکی ئەویدیکە ناکات، بەڵکوو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیشی دەدات، بەشێکی گرنگی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە، بریتییە پێدانی وشیاری تا ئەویش ببێتە سووژە(ناسکار) و، دواجار هەوڵبدات ئەوانی تر لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە باسبکات و بناسێنێ. چونکە وەک " فرانز فانۆن" باسدەکات، کەسی داگیرکراو و ژێردەستە، تەنیا ئیستغلال نەکراوە، بەڵکوو "کەسانی داگیرکراو لە ناخیاندا گرێیەکی خۆبەکەمبینی بەهۆی مردن و نەمانی ڕەسەنایەتییە کەلتوورییە خۆجییەکاندا لە ناخیاندا دروست بووە"(fanon, 1967 :18). بۆیە گەڕاندنەوەی ئەو باوەڕبەخۆبوونە و چاندنی ئەو گیانی ناساندن و سووژەبوونە، هەنگاوی یەکەمی نەهێشتنی ئەو خۆبەکەمبینییەیە و یەکەمین هەنگاویش لەمەدا ئەوەیە، کە ئەوی دیکەی خۆت بناسێنی و هەوڵبدەی چوارچێوەبەندی بکەی.

## 2-ئەوی دیکەی زمانی لە شیعری نالی دا:

کورد وەکو نەتەوەیەکی داگیرکراو، هەمیشە و بەدرێژایی سەردەمانی ژێردەستەیی خۆی، لەگەڵ کۆمەڵێک هێز ڕووبەڕوو بووەتەوە. ئەو هێزانە بە هەموو شێوەیەک ویستوویانە هێزی لەبەر ببرن و، بۆ ئەو مەبەستەش پەنایان بردووەتە بەر سڕینەوەی بەشێکی زۆری ئەو کەرەستە و ئامرازانەی، کە بوونیان پێ بەخشیوە و مەترسی ئەوەیان هەبووە، چوارچێوەیەکی زەینی و هزری بۆ بخوڵقێنن. هەر لێرەشەوەیە دەبینین، کاتێک کە شاعیر یان ئەدیب یان سیاسەتمەدارێکی ئەو نەتەوەیە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بەیداخی ڕووبەڕووبونەوەی هەڵنەکردبێ، بەڵام بە تیشک خستنە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەلایەوە گرنگ بوون، هەوڵیداوە سنووری نێوان خۆی و ئەوی تر بکێشێت و، لەوێوە هەم پێناسەیەک بۆ خۆی بکات و هەم ئەوی تریش بناسێنێ و سنوورەکەی دیاری بکات. یەکێک لەو بابەتانە لە شیعری کلاسیکی کوردی و بەتایبەتی لای (نالی)، زمانە.

زمان بنەمایەکی بوونی هەر نەتەوەیەکە و تەنها هۆیەک نییە بۆ پەیوەندیی نێوان تاکەکان، بەڵکوو هەڵگری ناسنامە، مێژوو، کولتووری ئەو نەتەوەیەشە. دیارە زمانی کوردیش تا پێش سەدەی بیست زمانێکی پەراوێزخراوبووە و کەمتر زمانی فەرمی، ئیداری، خوێندنی نێو حوجرەکان بووە، بەڵکوو زمانانی تر بەکارهاتوون، هاوشێوەی عەرەبی و فارسی؛

زمانی تورکیش وەکوو زمانی دەسەڵاتی سیاسیی عوسمانییەکان، کە زۆرینەی خاکی کوردستان داگیرکردبوو، لە ئارادا بووە. شیعر و ئەدەبیات لەڕووی زمانەوە کەمتر لەژێر ئەم کاریگەرییە بوونە، بە تایبەت لە سەرەتادا، ئەدەبیاتی زاری گۆران و دواتر کرمانجی ژووروو تا دەگاتە کرمانجی خواروو، کە هەریەکەیان دەریایەکی لەبنەهاتووی ئەدەبییان بە زمانی کوردی خوڵقاندووە؛ ئەمە بەو مانایە نییە، کە تەنها بە کوردی دەقی ئەدەبییان خوڵقاندووە، بەڵکوو شاعیری کورد دەکرێت بە زمانی تری غەیرە کوردیش شیعری هۆنیبێتەوە. دیارە شیعر وەکوو دەرکەوتەیەکی زمانی پارێکی سەرەکییە لە هەوڵدان و خۆجیاکردنەوەیەکە و بنیادنانی خودێکی سەربەخۆی دوور لە زمان و پێناسی داگیرکەرە.

نالی (1800–1873/11/23)، وەکوو یەکێک لە کاریگەرترین شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بە زاری کرمانجی خواروو، شیعری هۆنیوەتەوە، لەحاڵێکدا ئەو سەردەم زمانی عەرەبی و فارسی باڵادەستیی فەرهەنگی و ئەدەبییان هەبووە، ئەم بەکارهێنانەی زمانی کوردی لەلای نالی تەنیا بابەتێکی زمانەوانی نییە، بەڵکوو دەکرێت وەکوو پەرچەکردار و بەرگرییەک لەهەمبەر ئەو باڵادەستییەی زمانانی تر تەماشای بکەین، "نالی هەر شیعر دانانەکەی بە کوردی جۆرێک بووە لە کوردپەروەری"(شارەزا، 1984: 31). کاتێک باس لە زمان دەکەین، واتا کۆی نووسینی نالی بە زمانی کوردی، تەنانەت ئەگەر باسی زمانی کوردیشی نەکردبێت و ئاشکرا وەک چەکێکی بەرەنگاری نەیخستبێتەڕوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرەنگارییە، چونکی لە سەردەمێکدا کورد خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسی نەبووە و خاکەکەی داگیرکراوە و زمانی زاڵی نووسین و رۆشنبیری، غەیری کوردی بووە، ئیتر بەکارهێنانی زمان دەبێتە کۆڵەکەی شوناس و ناسنامەی کوردبوون، نالی هەستی بەوە کردووە بە نەبوونی زمان و بە خاکێکی داگیرکراو، زمان دەبێتە ئەو ماڵەی کە کوردبوون لەخۆیدا هەڵدەگرێت و ناسنامە و بوونی کورد دەپارێزێت. هەروەها گرنگی کارەکەی نالی تەنیا لەوەدا نییە، کە شیعری بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو) داناوە، بەڵکوو "لەو سەردەمەوە سەیری دوارۆژی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی کردووەو هەوڵی پێکەوەنانی داوە"(هەمان سەرچاوە: 27).

کارەکانی نالی بوونە بناغەی گەشەی ئەدەبیات بەم زارە و تادەگات بە ئەمڕۆیش، کاریگەرییەکەی هەر بەردەوامە. نالی زۆر هۆشیارانە هەستی بە پەراوێزخستنی زمانی کوردی کردووە، بۆیە لای لە زمانی کوردی کردۆتەوە و، لەسەردەمێکدا کە زمانی کوردی "لەلای زۆریەک لە زانا گەورەکان، یان زمانی نووسین و شیعر هۆنینەو نەبووە یان ئەگەریش زمانی شیعر نووسین بووبێ، وەک زمانێک بۆ خولقاندنی شیعرێکی چەندتوێژ و تەژی لە تەکنیکی ئەدەبی حسابی لەسەر نەکراوە. ئەم دۆخە لە ناوچەی ڕمێنی زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست دا تۆخ تر بووە. بەر لە نالی شیعری کوردی بە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست لەڕووی سادەبوونەوە لە شێوازی فۆلکلۆری نزیک بووە"(مەحموودزادە، 2020: 187).

ئانیا لۆمبا(2018) پێیوایە "دوورکەوتنەوە لە کولتووری کۆلۆنیالیزم بە زۆری دەبێتە مەرجێکی پێشوەخت و پێویست بۆ بایەخدانی جددی بەو ئەدەبیات و کولتوورانەی لە سایەی کۆلۆنیالیزمدا بەهای خۆیان لەدەستداوە".(١١٧) نالی کاتێک کە شیعری بە کوردی نووسیوە، کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی لەژێر سایەی داگیرکاری زمانی ئەوانی دیکە بووە و گرنگیی خۆی لەدەستداوە (دیارە جگە لە ئەدەبی فۆلکۆر و سەرزارەکی) بەڵام نالی دژ بەمە وەستاوەتەوە و شیعر بە زمانی کوردی دەنووسێ. بۆیە وەکو هەنگاوی یەکەم و بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان خۆی و ئەوانی تر، بەر لە هەر شتێک پێویستە ئەو باوەڕبەخۆبوونە بگەڕێنێتەوە کە بە هۆی داگیرکراوییەوە لەلای کورد نەماوە. بە دەربڕینێکی تر، تا بە تێگەیشتنێکی کۆنکرێت لە خۆت نەگەیت و باوەڕت بەوە نەبێ کە هەی، ئەستەمە بتوانی سنووری خۆت لەگەڵ ئەوانی تر بکێشی. لێرەوەیە ئەم بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە خۆڕا نەبووە لای نالی، بەڵکوو "هەستی بە کاریگەریی داگیرکاری کولتووری کردووە و لەوە تێگەیشتووە کە هەژموونی زمانی داگیرکەرانی عەرەب و فارس و تورک چەند بەهێزە لەسەر زمانی کوردی و چۆن ئەو هەژموونە ڕێگای لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسیندا گرتووە. ئەوەش هەوڵی داگیرکەران بووە لە ڕێگای کۆلۆنیکردنی کەلتورییەوە بۆ لەناوبردنی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی کوردی بگرن کە زمانە"(قەرەداغی، ب4، 2021: 305). بۆیە لە یەکەمین هەنگاودا وەکو باسمان کرد، نالی لە ڕێگەی خۆیەوە و بە گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی و نیشاندانی توانای خۆی، دەیەوێ ئەوە بە بەرامبەرەکانی بڵێ، کە زمانی کورد و تەبعی کوردییانەی لە هیچ شتێکی کەم نییە و دەتوانێ لە بەرامبەر ئەوانی تر زەقی بکاتەوە وبیخاتە بازاڕەوە.

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،

ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار

بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح،

هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێبەدەڵ سەودا دەکا

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی

کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

(نالی: ٨١ و ٨٢)

بۆیە لەم روانگەیەوە، کۆی نووسینی نالی بە زمانی کوردی، بە مانای خاڵی دەستنیشانکردنی خود و کەسایەتی کوردە لەبەرامبەر ئەوانی تری فارس و عەرەب(بەتایبەتی).

تەبعی شەککەرباری من کوردیی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدەن وا دەکا (نالی: 81).

لە تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم، هەڵبژاردنی نووسین بە زمانی ژێردەست، کارێکی بەرگریکارانە و خۆجیاکردنەوەیە لە ئەوی دیکەی سەردەست، کە لێرەدا نالی، کوردی نووسین بە جۆرێک لە ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە بیرۆکەیە، کە تەنها نووسین بە زمانانی تری ناکورد، دەقی باڵا دەخوڵقێنن، دەزانێت؛ بە پێچەوانەوە پێیوایە کە دەکرێت بە زمانی کوردیش ئەدەبی باڵا بخوڵقێنن لە سەردەمێک، کە زمانی کوردی لە پەراوێزی زمانانی تری هەژمووندار دابووە. (تەبعی شەککەرباری من) لێرە نالی بە متمانەبەخۆبوونەوە توانابەرزی خۆی لەڕێی زمانی کوردییەوە دەخاتەڕوو، کە دەیەوێت هەم ئیمتحانی خۆی بەو زمانەوە بکات، هەم زمانی کوردیش بخاتە ئەو ئیمتحانەوە، کە هیچی لە زمانانی تر کەمتر نییە، ئەمەش نالی خۆی لەو پاسیڤبوونە دەباتە دەر، کە ملکەچیی نووسین بە زمانی غەیرە کوردی لەو سەردەمەدا، باوبووە. هەروەها نالی ڕایگەیاندووە، کە ئەم کارەی ئەو (مەقسوود لە عەمدەن وا دەکا)، کوردی نووسین ئەو بە ڕێکەوت یان بەهرەیەکی سرووشتی نییە، یان لەبەر نەزانینی زمانەکانی تر نییە، بەڵکوو کارێکی خودئاگاییانەی ئەوە، کە زمانی کوردی (عەمدەن) بە ئەنقەست هەڵدەبژێرێت؛ ئەم کارەی نالی وەکوو مانیفێستێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی زمانانی باڵادەست.

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار

بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا. (نالی: 82)

نالی توانای خۆی و زمانی کوردی بردۆتە مەیدانی فەساحەت، کە دیارە ئەم مەیدانی فەساحەتە، پێش نالی بە زمانی تری ناکوردی بووە، شەهسەواری نالی لە شیعردا "توانای ئەوەی هەیە بەهەر زمانێک لەو زمانانەی دەیزانێ هونەری خۆی دەربڕێ"(خەزنەدار، ب3، 2010: 86). نالی لەم شیعرەیدا "هەرچەندە بە زمانی کوردی ئیمتیحانی خۆی دەکات، بەڵام ئەو زمانەی نالی هەمان زمانە فارسی و عەرەبییەکەیە و ئەو وشەکان بە جۆرێکی وا تێکدەشکێنێ، کە فارس و عەرەب لێی تێنەگەن... بەمجۆرەش نالی بەمکارەی سەرنجی ئەویتر بە زمانەکەی خۆیان بۆ لای خۆیان رادەکێشێت"(سیوەیلی، 2015: 315). بەمەش نالی ئەو ڕێسا نەنووسراوەی سەردەمی خۆی شکاند "زانایی و ئازایی لەوە دابوو بە زمانی نەتەوەی باڵادەست (فارس، تورک، عارەب)"(یەعقووبی، 2021: 113). بنووسیت، بەمەش نالی ڕچەشکێنی کرد و زمانی کوردی (کرمانجیی خواروو) بردە قۆناغێکی باڵاتر. ئەمە جگە لەوەی کە نالی لێرەدا باڵادەستی خۆی لە بەکارهێنان و شارەزایی لە زماندا بە جۆرێک نیشاندەدا، کە ئەو بە بێ بیرکردنەوە و بە بێ وەرگێڕانی ئایدیاکان لە میشکیدا، دەتوانێ بەو زمانانەی بێجگە لە کوردی بنووسێت. کە بێگومان یەکێک لەو زمانانە کورییە. ئەمەش جۆرێک

هاوتەریبکردنەوەی زمانی کوردییە بە زمانە بێگانەکانی تر.

نالی پێشبینی ئەوەی کردووە شیعرنووسین بە زمانی کوردی ڕووبەڕووی ڕەخنەی دەکاتەوە، "کەوابوو سەیر نییە شیعر هۆنینەوەی نالی بە کوردی لەناو جەماعەتی خوێندەواری باڵای ئەو سەردەم دا کاردانەوەی جۆراجۆری لێ کەوتبێتەوە و ئەم کاردانەوانە گەیشتبنەوە بە نالی خۆیشی. بەشێک لە خوێندەوارانی ئەو سەردەم ڕەنگە شیعری نالییان لەگەڵ هەندێک شیعری ساکاری سەردەمی خۆی بەراورد کردبێ"(مەحموودزادە، 2020: 187). بۆیە نالی بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا. (نالی: 82).

نالی جاڕی ئەوە دەدات، کە کەس بەکەم سەیری ئەلفازەکانی نەکات، لەبەرئەوەی کوردیین، مامۆستایانی موودەڕیس لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا نووسیویانە "ئاخۆ ئەو شاعیرە هاوچەرخەی نالی کێ بووبێ کەوا بە فارسیی (یاخود بە عەرەبیی) شیعری وتبێ و گاڵتەی بە شیعرە کوردییەکانی ئەم کردبێ؟"(نالی، 2708: 83). ئەم شیعرەی نالی دوو گریمانە هەڵدەگرێت "یەکەمیان ئەوەیە کەسانێک ئەو تانەیان لێداوە بۆیە نالی هێناوەتە گۆ و وڵامدانەوە. دووەمیان دەشێ تانەی لێنەداربێ، بەڵام نالی پێشبینی ئەوەی کردبێ کەسانێک هەن ئەو ڕوانگەیان هەبێت بۆ بە کوردی نووسینی شیعر لەلای خۆیەوە"(پیرۆت، 2020: 225). لێرەدا نالی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەوانە تێکدەشکێنێت، کە شیعریان تەنیا بە زمانانی تر بیستبوو یان خوێندبووەوە، لێرەوە نالی" ئەو بەرگرییە بەرجەستە دەکات، کە پێویستە لە ڕێگەیەوە بەرپەرچی سەردەستەیی زمانەکانیتر بداتەوە. بەمجۆرەش وەک لە شیعرەکەی نالییدا دەردەکەوێت، کێشەی نالی لە کێشەیەکی خودییەوە، لە کێشەی تاکەکەسێکەوە، دەبێتە کێشەیەکی سیاسی و بابەتی"(سیوەیلی، 2015: 316).

نالی تەنیا بە زمانی کوردی نانووسێت، بەڵکوو "نیشتمانپەروەری دەگاتە ڕادەیێک دان بەوە بنێ خەیاڵیشی کوردییە"(خەزنەدار، ب3، 2010: 86). هەروەک لەم دێرە شیعرەدا هاتووە:

موحەققەق مەشرەبی (نالی) لە شیعرا هەروەکوو خاکیی

خەیاڵی (کوردی)یە بەیتی سەراپا زوڵفی دوو تایە (نالی: 472).

نالی لەم دێرە شیعرە لە یەکەم پەیڤەوە گومانبڕانە (موحەققەق) وەکوو حەقیقەتێکی چەسپاو، (مەشرەب) ئاخێزگەی، کە هێما بۆ سەرچاوەی هزرین و جیهانبینیی شیعر و ئەندێشەکانی دەکات، کە کوردییانەیە، بەمە نالی زۆر ئاگاییانە بیرکردنەوەی خۆی لە ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی باوی سەردەم (فارسی، عەرەبی و تورکی) جیا دەکاتەوە، کە سەرچاوەی ئەندێشەکانی ئەم کوردییە، ئەم خەیاڵەشی ڕەنگدانەوەی ڕۆحی کوردانەیەتی و بە خاک دەیبەستێتەوە، کە کوردستانە. هەروەکوو "مەسعوود محەمەد" بۆ نیوەدێری دووەم ڕای وایە "محاوەرەکەی نێوان خاکی[1] و نالی تام و بۆنێکی بەهێزی کوردایەتی لێ وەردەگیرێ"(محەمەد، 1976: 160). ئەمەش پێداگریی نالییە لەسەر ڕەسەنایەتیی خۆی و خەیاڵەکانی.

نالی لە دێرە شیعرێکی تردا توانایی خۆی نیشانداوە، کە شیعرنووسینی ئەو بە کوردی هی ئەوە نییە، کە نەتوانێت بە زمانانی تر شیعر بهۆنێتەوە:

ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم بە کوردیی و فارسیی

عارەبیی ئیزهاری چالاکی یو چەسپانیی دەکا.(نالی: 80).

ئەم دێرە شیعرە کوردییە "بۆ کەسێکی وەک نالی جیاوازی نییە بە چ زمانێکە، کوردی و فارسی و عەرەبی لای نالی وەکوو یەکە"(ساڵح، 2022: 110). نالی ئەم متمانە و باوەڕبەخۆبوونەی لەو سەردەمە بووە، کە دەقی باڵا، ئەوەیە بە زمانانی وەکوو فارسی و عارەبی[2] بنووسرێت، تەنانەت (ئیستیتاعە و قووەتی) ئەوەی هەیە، بە هەرسێ زمانەکە شیعر بنووسێت، بەڵام ئەو بە کوردی شیعر دەنووسێت(مەبەست ئەم دێرەیە، دەنا نالی شیعری بە زمانانی تریش هەیە)، لێرە

---

1 – دەبێت خاکی شاعیرێکی پێش نالی، یان سەردەمی نالی بووبێت و هەر بە کوردی شیعری نووسیبێت.(ساڵح، 2022: 112).

2 –بەپێی ئەم شیعرە بێت، هێشتا نالی کوردستانی جێنەهێشتووە، بۆیە باس لە زمانی تورکی ناکا.

نالی لەجیاتی بە زمانی ئەویدیکە (ئیزهار و چەسپان) بکا، بەڵکوو زمانی کوردی لە پەراوێزی زمانانی تر دێنێتە دەر و هەرسێ زمانەکە هاوشانی یەکتر دادەنێت. لێرەوە ئیتر نالی سنووری ئەوانی دیکەی زمانی لە لای خۆی دەستنیشاندەکات. زۆر بە روونی دەردەکەوێ کە ئەوی دیکەی زمانی لای نالی، بە سەرنجدان لەو کایە رۆشنبیری و کولتوورییەی کە لە سەردەمی ئەودا لە ئارادا بووە، عەرەبی و فارسی بوون.

مواردم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەک نەعتە

بە چەن بەیتێکی کوردانە کە قورئانت سەنا خوانە (نالی: 427).

ئەم دێرە شیعرەی نالی مانا ڕووەکەشەکەی لێرەدا زیللەت و پێویستییەکانی خۆیەتی لە ئاست پەیامهێن(د.خ)، نەک (نەعت)، چونکە کاتێک قورئان سەنای ئەو دەکات، پێداهەڵدانی نالی هیچ بایەخی نییە. بەڵام ئایا نالی بۆ (بە چەن بەیتێکی کوردانە) باسی حاڵی خۆی دەکا لە ئاست خودا و پەیامهێن(د.خ)؟ نالی لێرەش سەرەڕای ئەوەی (ئیستیتاعە و قووەتی) بە زمانی عەرەبی[3]، کە زمانی قورئانە ئیزهار دەکا(وەکوو لە بەیتی پێشوودا باسمان کرد)، نالی دەیەوێت "(ئامادەکردنەوەی کوردبوون)ی خۆی و هێنانەدەرەوەی لە گەرووی مێژوویێکدا، کە بەردەوام لە ڕێگەی گەورەکردن و بەپیرۆزکردنی عەرەبەوە، ئەم کوردبوونەی بێدەنگ و بچووککردۆتەوە تا ئاستی سڕینەوە"(سیوەیلی، 2020: 166). ڕەتبکاتەوە، هەروەها ئەو بیروباوەڕ باوەی ناو خەڵکی بگۆڕێت، کە پاڕانەوە دەبێت بە زمانی عەرەبی بکرێت، زمانی کوردی دەباتە ئاستی زمانی عەرەبی، کە زمانی قورئانە، تەنانەت پاڕانەوە بە زمانی کوردی بەسەر زمانی عەرەبیدا، کە لەوانەیە زۆرێک لە سەردەمی نالی بە پیرۆزیان زانیبێت هەڵدەبژێرێت، زمانی کوردییشیان بە شایەنی نووسین و شیعریش دانەنابێت، بەڵام نالی لەلای پەیامهێنیش "ئەوەندە بە چاوێکی بەرز تەماشای زمانی کوردی و بەیتی کوردی، یا شیعری کوردی کردووە و ئەو شیعرەی کوردییەی هێناوەتە ئەو پلەیەی کە بتوانێ لە کەسێکی گەورەی وەکو پێغەمبەر بدوێ"( خەزنەدار، ب3، 2010: 119). و شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە کردووە.

هەروەها دەکرێت ئاماژە بە دوو حاڵەت بکەین، کە لە شیعری نالی دەردەکەون، یەکێکیان وەکوو لەم شیعرە دەردەکەوێت:

یا بدر علوا و ضیاء و کمالا

فالغضن مع الاصل الی فرعک مالا

تا سونبولی زوڵفت لە نیهالی قەدت ئاڵا

من دوودی هەناسەم عالەمی باڵا(نالی: 89).

لێرە نالی دێرە شیعرێکی بە زمانی عەرەبی و دێرێکی بە زمانی کوردی نووسیوە، دێری پێش کۆتایی نیوە دێرێکی کوردی و نیوەکەی تری بە زمانی عەرەبییە، نالی دەستووری هەردوو زمانە کوردی و عەرەبییەکەی پاراستووە. بەڵام لە شیعرێکی تردا "زمانی کوردی پێشڕەوی کردووەتە ناو زمانی عەڕەبی؛ ستانداردە تەواو عەرەبییەکەی تێک داوە و ستانداردێکی دیکەی لەسەرڕاوە دروست کردووەتەوە"(مەحموودزادە، 2020: 320). ئەمەش وەک لە شیعری؛

درونی لدار ال (شارزور) و بردە

کفرمیسک گرم الی آو سردە (نالی: 329).

لێرەدا نالی ستانداردەکانی کوردی و عەرەبی تێکشکاندووە بەوەی زمانی عەرەبی و کوردی تێکەڵ کردووە.

دەبێت ئاماژە بەو ڕایەی (هێمن موکریانی)ی شاعیریش بدەین، کە لە پێشەکیی دیوانی نالی خستوویەتیەڕوو سەبارەت بە ڕۆڵ، خەمخۆری و شۆڕشی نالی دەرحەق بە بەرەوپێشووەبردنی زمانی کوردی، چونکە وەک دەڵێ، "جگە لەوەی نالی خەریکی پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی بووە، شۆڕشی ئەدەبیشی کردووە. ئەم ڕەسمە نالەبارەی لە دیوانی شاعیرەکانی پێشوودا هەبووە کە لە ئەلفەوە تا یا بکەنە قافیە لە دیوانی نالیدا نیە. کوا قافیەی (ض، ظ، ذ، ع، غ) لە دیوانەکەیدا؟ کە دیوانی شاعیرە هەرەباشەکانیشی دزێو کردووە. لەباتی ئەوانە شێعری وا هەیە کە پیتە تایبەتیەکانی

---

3 –جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو بەسەرهاتەی (هێمن)ی شاعیر بکەین، سەبارەت بە توانایی نالی بەسەر زمانی عەرەبی، کە لە پێشەکی دیوانەکەی ئاماژەی پێکراوە، بڕوانە پێشەکی دیوانی نالی:

دەخیلت بم نەخیلی یا ڕوتابی وەها شیرین و سینەنەرم و دڵڕەق.

کوردی بۆ کردوونەتە قافیە وەک (یَ)(تەشریفی نەو بەهارە کە عالەم دەکا نویَ)"(پێشەکی دیوانی نالی). هەر سەبارەت بە خزمەتی نالی بۆ زمانی کوردی دەکرێت ئاماژە بە بەکارهێنانی وشە لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی بدەین، کە لەنێو دیوانەکەی دێنە بەرچاو، ئەمە لەسەردەمێک بووە، کە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیی و تێکەڵی نێوان زارەکوردییەکان کەم یان زۆر کەم بووە، جا لەبەر سەختی پەیوەندیگرتن و کەم تێکەڵی نێوان زارە جیاوازەکان یا باڵکێشانی زمان و ڕۆشنبیریی ئەوانی دیکە بێت بەسەر زمان و ڕۆشنبیریی کوردی، بەڵام نالی لەمەشدا هەر ڕچەشکێن بووە، سوودی لە وشە و زاراوەی زارەکانی تر وەرگرتووە.(٣)

ڕەهەندێک هەیە لە شیعری نالیدا، کە هەوڵی هاوسەنگکردنەوەی تەرازووی لاسەنگی سەیرکردنی زمانی کوردی دەدات. نالی لەم ڕانگەیەوە هەم ئەوی دیکەی زمانی خۆی دەستنیشاندەکات، هەم هەوڵیشدەدات ئەوە بە هەمووان بڵێت کە زمانی کوردی هاوشانی زمانەکانی دیکەیە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر گۆڕەپانی ڕشنبیری و سیاسەتی کوردییان داگیرکردووە و کردوویانەتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆیان. ئەوەتا دەڵیَ:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە (نالی: ٤٧٨)

وەکو گوتمان نالی لەم دێڕەدا جگە لەوەی کە دەیەویَ باڵادەستی خۆی وەکو شاعیرێک نیشانبدات، بە هاوتا دانانی زمانی کوردی لەگەڵ فارسی و عەرەبی، دەیەویَ ئەوە بخاتە ناو زەینی وەرگرەوە، ئەگەر فارس و عەرەب ئەهلی دیوان و نووسین و بەرهەمی شکۆمەندیان هەیە، ئەوا کوردیش هەمان ئەو توانایە و شانازییەی هەیە، یان دەتوانیَ هەیبیَ. ئەوەتا نالی هەر بۆ خۆی ئەوەی سەلماندووە.

لە دێرێکی تردا نالی دەڵیَ:

گێل ئەگەر تورکی تەعال ئەر عەرەبی

بیَ ئەگەر کوردی ئەگەر فورسی بیا (نالی: ٩٩)

لەم شیعرەدا نالی سنووری ئەوانی دیکەی خۆی فراوانتر دەکات و تورکیش دەخاتە ناوەوە. هاوشێوەی شیعرەکەی سەرەوە، نالی لەم شیعرەشدا دەیەویَ لەلایەکەوە باڵادەستی خۆی نیشانبدات، ک شارەزایی و باڵادەستی بەسەر چەند زمانێکدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەیەویَ ئەوە نیشان بدات، کە ئەگەر هەریەک لە فارسی و تورکی و عەرەبی سەبارەت بە شتێک قسە بکەن و وشەیەک و زمانێکی تایبەتیان هەبیَ، ئەوا کوردیش ئەو توانایەی هەیە و ئەو جیاوازییە دەتوانیَ لە خۆیدا بەرجەستە بکات. واتە بە دەربڕینێکی تر، کوردی نە فارسی و نە عەرەبی و نە تورکییە.

بەمجۆرە نالی لەسەر بنەمای زمان، ئەوی دیکەی خۆی دەستنیشاندەکات و سنوورەکان دەکێشێت و بەجۆرێک لە جۆرەکانیش باڵادەستی و توانای بەرزی خۆی بۆ نووسین بە زمانی خۆی لەبەرامبەر ئەوانی تر بەوەی کە هیچی لەوانی تر کەمتر نییە، دەخاتەڕوو. ئەمەش دەرەنجامی ئەو ململانێیە بووە کە لە نێوان زمانی دەسەڵات(فارسی و تورکی و عەرەبی) لەو سەردەمەدا لە لایەک و زمانە ناوچەییەکان هەبووە. بۆیە لەمڕوانگەیەوە کاتێک نالی تەنیا پەنا دەباتە بەر ئەو چەند زمانە، نیشانەی جۆرێک لە سیاسی مامەڵەکردنە لەگەڵیان.

## ئەنجام

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەوە، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ـ هەر خودی نووسین بە زمانی کوردی لە لای (نالی)، لە سەردەمێکدا کە باڵادەستی زمانیی فارس و عەرەب لە ئارادا بووە، هەنگاوێکە بۆ دەستنیشانکردنی (ئەوی دیکە)یەک لەسەر بنەمای زمان. بەتایبەتی کە ئاماژە بەوە دەکات، ئەو بە ئەنقەست و مەبەستدار(عەمد) پەنای دەباتە بەر زمانی کوردی و بەو زمانە دەنووسیَ.

٢ـ خاڵی سەرەتا لە لای (نالی) تا ئەوی دیکەی زمانی خۆی دەستنیشانبکات، گەڕانەوەیە بۆ خود و باسکردن لە توانا و هێزی زمانی خۆی؛ لێرەوەیە کە دەتوانیَ زۆر بە ئاسانی و باوەڕبەخۆبوونەوە هەم باس لە خۆی و هەم باس لە ئەوانی تریش بکات.

٣ـ خاڵی گرنگ لە تێگەیشتنی نالی ئەوەیە کە لەسەر بنەمای زمان و کولتووری کوردی و ئەوەی کە بە زمانی کوردی دەریدەبڕێ، ڕەسەنایەتی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێ و هیچی بە کەمتر لەوانی تر دانانێ.

٤ـ ئەوی دیکەی زمانی لای نالی، لەسەر بنەمای ئەو باڵادەستییە ڕشنبیری و جوانیناسییەی کە لەو سەردەمەدا هەبووە، زمانەکانی فارسی، عەرەبی و تورکی بووە؛ لە زۆر حاڵەتدا بۆ نیشاندانی توانا و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی زمانی کوردی، سوودی لە زاراوەکانی تری زمانی کوردی وەرگرتووە.

٥ـ بە سەرنجدان لەوەی کە ئەو چەند زمانەی هاوشانی زمانی کوردی نیشانداون، دەردەکەوێ، ئەمە دەرەنجامی ئەو بەریەککەوتنە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە، کە بەدرێژایی لانیکەم چوارسەد ساڵی رابردوو تا سەردەمی نالی هەبووە. نالی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە و بە هاوشاندانانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، ئەگەرچی زۆربەی جار هەولیداوە باڵادەستییەکەی نیشانبدات ، بەڵام هاوسەنگی کردوون و ئەمەش بۆ هاوسەنگکردنەوەی تەرازووە لاسەنگەکەی مێژوو گرنگە. چونکە وا بە کورد تەڵقێن کراوە کە زمانەکەی لە ئاستی زمانەکانی تر نییە. بەڵام (نالی) زۆر بە روونی ئاماژە بەوە دەدا، کە بەوشێوەیە نییە و بە نیشاندانی توانستی زمانەکەی لەبەرامبەر زمانەکانی تر و هاوئاستکردنی لەگەڵیان، ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بە کوردی:

#### کتێب:


ـ ئانیا لومبا (2018) کۆڵۆنیالیزم و پۆست کۆڵۆنیالیزم. و: عومەر عەلی غەفوور، نۆرەی چاپ (2018)، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

ـ بارزان عەلی پیرۆت (2020) دیاردەناسیی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.

ـ ئەحمەد شەبانی (2010) فەرهەنگی زانستی سیاسی، چاپی یەکەم، انتشارات دانشگاهـ کردستان، سنە.

ـ ئێدوارد سەعید(2023)، ڕۆژهەڵاتناسی، و. موحسین ئەحمەد عومەر، چاپی دووەم، دەزگای فام، هەولێر.

ـ پێشڕەو محەمەد (2024) کورد و ئەزموونی بێدەوڵەتی، چاپی یەکەم، ؟، پلاتفۆرمی فیکریی و کولتووریی مینێرڤا.

ـ ڕەهبەر مەحموودزادە (2020) ئافاقی شیعری نالی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی مادیار، سنە.

ـ ڕێبوار سیوەیلی (2015) کتێبی نالی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی و دەزگای زەریاب، هەولێر.

ـ ڕێبوار سیوەیلی (2020) نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە، چاپی دووەم، بەرهەمی ڕێکخراوی زەریاب، هەولێر.

ـ زوزان صادق سعید (2018) ئەوێ دیʺد رۆمانا کوردیدا (دەراڤێ تەنگ) وەکو نموونە، المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز، المجلد 7، العدد1، ص252-261.

ـ سامان حوسێن ئەحمەد (2021) ڕۆژهەڵاتناسی مێژوو، چەمک، میتۆدی کارکردن، چاپی یەکەم، کتێبخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

ـ عەبدولخالق یەعقووبی (٢٠٢١) نالی: ئاشنای سیرڕی قەڵەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

ـ عەتا قەرەداخی (٢٠٢١) گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ (KDO)، سلێمانی.

ـ کەریم شارەزا (1984)، نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا.

ـ کۆمەڵێک نووسەر (2019) تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، و.شەوقی حوسێن، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشی مێخەک.

ـ مارف خەزنەدار(د.) (2010)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ـ محەمەدی مەلا کەریم (2009) نالی لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ـ محەمەد حەمە باقی (2013) ئەدەب و مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

ـ مەسعوود محەمەد (1976) چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێتدا، ستۆکهۆڵم: 2004.

ـ نالی(٢٠٠٨)، دیوانی نالی، ئامادەکردنی م. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح مەلا کەریم، نشر: آنا، تهران.

هانز بێرتێنز (2015) بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی، و. عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

ـ هەرێم عوسمان مەعروف (2024) وێنەی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجیی ناوەڕاست)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.


#### نامەی ئەکادیمی:


ـ کوردستان عبدالوهاب نادر (٢٠٢٢) ڕەنگدانەوەی پۆست کۆڵۆنیالیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربال، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.


#### گۆڤاری زانستی


ـ کەیفی موحەممەد عەزیز و یادگار ڕەسوڵ حەمەئەمین (1397) لێکەوتەی تاراوگە لە ئەدەبی کوردیدا، بە نموونە (مەولانا خالید، نالی، حاجی

قادر، پیرەمێرد، زێوەر)، پژوهشنامە ادبیات کردی، سال چهارم، شمارە5، ص123-141.
ـ کیفی محمد عزیز (2016) گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەلالە)ی عەتا نەهایی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، 6(3)، 175-200.

**گۆڤار:**

ـ ئاراس محەمەد سالح(د.) (2010) گۆڤاری ڕامان، ژ(296/295)، هەولێر، ل109-115.

بە فارسی:

ـ سارا فهیمی (1398) پست کلنیلیسم بەمثابە فرضیە تصویری تبیین آثار عکسانە میترا تبریزیان در گفتمان پساستعماری (پست کلنیالیسم)، دوماهنامە علمی تخصصی پژوهش در هنر و علوم تخصص، سال چهارم، شمارە6 (پیاپی: 20)، ص51-64.

بە زمانی عەرەبی:

ـ روضة علي الحمادي (2021) تمظهرات صراع الأنا و الأخر في نظرية ما بعد الكولونيالية، مجلة مقامات، المجلد5، عدد2، ص93-112.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Bill Ashcroft, Gareth Griffiths and Helen Tiffin (2007) Post-Colonial Studies: The Key Concepts, 2and Edition, Routledge, London.
- frantz fanon (1967) black skin, white masks, translated by Charles Lam Makmann, Plato Perss, London.
- Frantz fanon (1963) The Wrtched of The Earth, Translated by. Constance Farrington, Grove Press, New York.

**پەراوێز:**

١ـ ئەویدیکە لەڕووی زاراوەوە لە هەندێک فەرهەنگی کوردیدا بەم شێوەیە هاتووە: ئەویتر: ئەوە کەی دیکە، ئەڤێ دیتر. ئەویدی: ئەڤیتر، ئەوی دیکە. ئەوی دیکە: ئەویدی، ئەوێ دن. ئەویکە: ئەویتر، ئەڤێ دن. (هەمبانەبۆرینە، 1388: 29). ئەویدیکە: ئەویتر، ئەویدی(فەرهەنگی کوردستان، 1999: 39). ئەویتر-ئەو+ئی+تر، ئەویدی، ئەویدیکە. (قامووسی زبانی کوردی، 1367: 192).

٢ـ لە دانپێدانانی هێگڵدا تەنها باسکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکوو زیاتر لە پێناوی داننانە بە بوونی یەکتری، هیگڵ پێی وایە، کە خودئاگایی مرۆڤ لە بوونی خۆی بەبێ دانپێدانانی ئەویدیکە دروست نابێ "سەروەر (ئاغا) داوا دەکات خزمەتکار(کۆیلە) دانپێدابنێت، بەڵام چونکە سەروەر کۆیلە وەک بوونێکی نا-جەوهەریی دەبینێت، هەست بەوە دەکات کە ئەو پێویست ناکات دان بە کۆیلەدا بنێت"(محەمەد، 2024: 256))، لە بەرانبەردا کۆیلە "دەکەوێتە هەوڵدان بۆ ئەوەی لەم دۆخەی ئاگایی بە کۆیلەبوون دەربازی ببێت"(سیوەیلی، 2020: 291). بەمەش دوو خودئاگایی دەکەونە ململانێ لەپێناو دانپێدانانی ئەویدیکە بە بوون و سەربەخۆیی ئەو وەکوو سەنتەر، یەکێک لەم دوو (خود)انە لە لەدەستدانی ژیانی فیزیکی دەترسێت "کۆیلە لە سەروەر دەترسێت"( محەمەد، 2024: 256). دەبێتە کۆیلە، لە هەمان کاتدا باڵایەتی ئەویدیکە "بەسەر کۆیلەدا پشتڕاست دەکاتەوە"( محەمەد، 2024: 256). و دەبێتە سەروەر (ئاغا). لێرەدا سەروەر دانپێدانانی ڕاستەوخۆ بەدەست دێنێت، بەڵام دانپێدانانەکە ناتەواوە، چونکە لەلایەن ئەویدیکەی وابەستە(کۆیلە)یە، کە خۆی وەکوو هۆشیارییەکی سەربەخۆ ناناسێت. دواتر "کۆیلە لە جەوهەرییبوونی خۆی وشیار دەبێتەوە، چونکە سەروەر ناتوانێت بەبێ کۆیلە/خزمەتکار بەردەوام بێت و بمێنێتەوە. هەمان ئەو شتەی پێدەچێت سەربەخۆیی سەروەر بسەلمێنێت- بەکارکردنی ئەو بەرهەمانەی کۆیلە بەرهەمیهێناون- ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە سەروەر بوونێکی وابەستەیە، زۆر زیاتر لەوەی خزمەتکار پێویستی بەو هەبێت، ئەو پێویستی بە خزمەتکارەکەیە، چەند خزمەتکار لەژێر باڵادەستیی سەروەردا کاربکات، هێندە زیاتر لەم بارودۆخە وشیار دەبێتەوە. لەم ڕێگایەوە خزمەتکار پەرە بە وشیارییەکی سەربەخۆ دەدات، لە کاتێکدا وشیاریی سەروەر بێبەریی و مەحرووم لە هەر خود-دڵنیاییەک لە خۆی وەک بکەرێکی چالاک"( محەمەد، 2024: 256). فرانز فانۆن سوودی لەم دیالێکتیکەی هێگڵ وەرگرت بۆ خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان من(داگیرکەر) و ئەویدیکە(داگیرکراو)ی کۆلۆنیالی.

٣ـ بۆ ئەمەش دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ کتێبی (سەعید ناکام، نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، 1984: ل28 و دواتر). کە ئاماژەی بە هەموو ئەو وشانەی زارەکانی تر کردووە، کە نالی بۆ شیعرەکانی سوودی لێوەرگرتوون.

## The Linguistic Other in Nali's Poetry

**Hazhar Ahmed Abdulghafur**
Kurdish Department, Faculty of Arts,
Soran University
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**Nihad Khudhur Dewana**
Soran Education Directorate, Erbil General
Directorate of Education, Ministry of Education
nihaddewana2018@gmail.com

**Abstract**
This study is entitled *"The Linguistic Other in Nali's Poetry."* It is an attempt to explore and articulate a new perspective on Nali's poetry and, by extension, Kurdish classic poetry. This perspective often goes unnoticed, especially in political and social dimensions. The aim of this research is to clarify how Nali's poetry highlights this subject and how, through language, he perceives his counterpart (the "other") and seeks to reach that goal-namely, to define or recognize his others. The topic, in its essence, carries a political context, with attention to the history of Kurdish politics and intellectualism.
The study is conducted using the descriptive-analytical method. Theoretically, it is grounded in postcolonial perspectives and discourses, which are appropriate for analyzing the status of subordinated nations under colonization and their relations with dominant colonial powers. The theoretical framework of the study is thus shaped, and the concept of "the other" within postcolonial readings is further examined and clarified. Then, with a focus on Nali's poetry, the study seeks to demonstrate how he identifies the linguistic "other" and which of those languages are most significant.
In conclusion, the research finds that Nali's poetry is not apolitical; rather, it actively works to position the Kurdish language, a significant marker of identity and an essential force in Kurdish intellectual tradition, in contrast to Arabic, Persian, and Turkish. Through this, he marks those languages as linguistic "others." Undoubtedly, Nali's choice to engage with those dominant languages to highlight the power and beauty of Kurdish language stems from a long and complex historical political, intellectual, and social struggle between the hegemony of those languages and Kurdish within Kurdish society.
**Keywords**: Postcolonialism, The Other, Kurdish Classic Poetry, Nali.

## الآخر اللغوي في شعر نالي

**نهاد خضر ديوانه**
مديرية تربية سوران, ميرية االعامة تربية اربيل،
وزارة التربية
nihaddewana2018@gmail.com

**هەژار احمد عبدالغفور**
قسم اللغة الكردية، فاكلتي اداب، جامعة سوران
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**الملخص**
تُعنون هذه الدراسة بـ "الآخر اللغوي في شعر نالي"، وهي محاولة لاستكشاف وطرح رؤية جديدة حول شعر نالي، ومن خلاله حول الشعر الكلاسيكي الكردي. تسعى الدراسة إلى تسليط الضوء على منظور غالبًا ما يتم تجاهله، خصوصًا في أبعاده السياسية والاجتماعية. وتهدف إلى توضيح كيفية تناول نالي لمفهوم "الآخر" عبر اللغة، وكيف يسعى من خلال ذلك إلى تعريف هذا "الآخر" وإدراكه. ويُفهم من السياق أن الموضوع يحمل في جوهره أبعادًا سياسية وثقافية مرتبطة بتاريخ الفكر والسياسة الكردية.
تعتمد الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، وترتكز من الناحية النظرية على أطروحات ما بعد الاستعمار، بوصفها إطارًا نقديًا مناسبًا لتحليل وضع الأمم الخاضعة للاستعمار وعلاقاتها بالقوى الاستعمارية المهيمنة. ومن خلال هذا الإطار، تم تحديد الأسس النظرية للدراسة، مع التركيز على مفهوم "الآخر" كما ورد في أدبيات ما بعد الاستعمار، وتحليل حضوره في نصوص نالي الشعرية.
تركّز الدراسة على تحليل شعر نالي بهدف الكشف عن كيفية تعيينه لـ "الآخر اللغوي"، وتحديد اللغات التي تمثل هذا الآخر، مثل العربية والفارسية والتركية. وتخلص إلى أن شعر نالي ليس محايدًا سياسيًا، بل يضطلع بدور فاعل في تثبيت مكانة اللغة الكردية بوصفها عنصرًا مركزيًا في الهوية الكردية، وقوة فكرية في مواجهة هيمنة اللغات المجاورة. إن اختيار نالي لهذه اللغات بوصفها الآخر إنما يعكس صراعًا تاريخيًا طويل الأمد، تتداخل فيه الأبعاد السياسية والفكرية والاجتماعية، بين هيمنة هذه اللغات ومكانة اللغة الكردية في السياق الكردي.
**الكلمات المفتاحية :**ما بعد الاستعمار، الآخر، الشعر الكلاسيكي الكردي، نالي.